# لیگەڕێن با خەڵكی هەڵەبجە بڕیار بدەن

***سەنگەر زراری-هەولێر***
Sangarz81@yahoo.com



لەدوای رووخانی بتەكەی "سەدام حوسێن"ـەوە، شتێك ئەم گەلە(گەلی عێراق)ی دڵخۆش كردبێت، دەسگیركردنی سەرانی ئەو رژێمەبوو، ئەگەرنا جگە لە مەینەتی و ماڵوێرانكردنی خەڵكی بێتاوان و زیادبوونی كوشتن و بڕین و شەڕوشۆڕ، ئەم "ئازادییە!!!" شتێكی دیكەی لەگەڵ خۆیدا نەهێنا، بەتایبەتی ئەگەر وەكو كورد باسی خۆمان بكەین، ئێمە دوازدە ساڵ بوو لەبن دەستی ئەم رژێمە فاشیستەدا نەمابووین، بەهەرجۆرێ بێت و لەبەر هەر هۆكارێك بێت، دەسەڵاتی ئەم رژێمە نەدەگەیشتە ئێمە، بۆیە تاكە شتێك كە گەلی ئێمەی دڵخۆشكرد، دەسگیركردنی سەرانی رژێمەكەبوو، لەبەرئەوەی هەرچەندە دەسەڵاتیشیان بەسەر ئێمەدا نەمابێت، بەڵام دوژمنی پێشووی ئێمە بوون، ئەم گەلە لەسەر دەستی سەرانی ئەم رژێمە، هەم بەتاك زوڵمی لێكرابوو كە لەترسی سەربازی و جەیشی شەعبی و... دەبووایە رۆژانە راكەن و خۆیان بشارنەوە و سەرهەڵگرن بۆ ناو چیاكان و دەرەوەی وڵات، هەم بە كۆمەڵیش كیمیاباران و ئەنفال دەكران و رادەگوێزران بۆ كۆمەڵگا زۆرەملێكان و...

لەراستییەوە دوور نییە ئەگەر بڵێین ئەم گەلە (گەلی كورد) خۆی ماتكردبوو بۆ ئەوەی رۆژێك دابێت بۆ تۆڵەسەندنەوە، ئەگەر هەر هیچ نەبێت زەلیلی دەسەڵاتدارە زاڵمەكان بەچاوی خۆی ببینێت و بەدڵخۆشی بەدیاریانەوە پێبكەنێ، ئەو رۆژە هات و دڵخۆشییەكان نەشاردرانەوە، سەدام رووخا، ئاهەنگ و شایی دەستی پێكرد، سەدام دەسگیركرا ئاهەنگێكی تر سازكرا، وردەوردە دەسەڵاتدارەكانی تری رژێمەكە دەسگیر دەكران و ئاهەنگەكان زیادیان دەكرد، تا دادگاییكردنی ئەمانە دەستی پێكرد، با باسی ئەوە نەكەم كە لەسەر سەدام چی كراو چەند رای جیاواز و هەندێجار رای نالۆژیكی و بێپاساویش دروستبوو "ئێمە هیچ سوودێكمان لە دادگاییەكەی سەدام نەبینی، چونكە لەسەر قەزییەی كورد دادگایی نەكرا"، "دەبوو سەدام لە كوردستان دادگایی بكرێت"، "دەبوو دادگاییكردنی سەدام دوا بكەوێت تا قەزییەی كوردیش تەواو دەبێ ئینجا حوكمەكەی جێبەجێ بكرێ"، "نەدەبوو بەرۆژێكی پیرۆزی وەكو جەژن لەسێدارە بدرێ"و....

لەبەرامبەر ئەمانەشدا "جەژنەكەمان لێبوو بەدوو جەژن"، "دادگاییەكەی هەرچۆنێك بێت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە تۆڵەی ئەم میلەتە هەژارەی لێبووەوە"و...

ئەمانە بوون بە بابەتی زۆر نووسین و لێدوان و گفتوگۆ، من رێگریم لەوە نییە كە هەركەس مافی خۆیەتی رای خۆی دەربڕێت، بەڵام پێم وایە لە دۆخێكی ئاوەهادا كە نە سیاسییەكان و نە نوخبەی رۆشنبیریش خاوەنی بڕیاری كۆتایی نین، بەو مانایەی كەس ناتوانێ ئەویدیكە بێنێتە سەر رای خۆی و رایەكان یەك ناخرێن بۆ بڕیاردان، پێویستە بەلایەنی كەم لە ریفراندۆمێكدا رای گەل وەربگیرێت. ئاخر خۆ بە پلەی یەكەم ئەم (گەل)ـەیەی كە زوڵمی لێكراوە، لەهەموو حاڵەتێكیشدا رای جیاواز هەبێت و جوان بێت، بەڵام خۆ دەبێ لە بڕیاردان كۆدەنگییەك دروست بكرێت و قسەی كۆتایی لەسەر بكرێت.

وا سەدام رۆیشت و لەسەر كورد لەسێدارە نەدرا، ئەوەی ماوەتەوە و بۆ كورد گرنگە "عەلی كیمیایی"یە، ئەو لە سەدام زیاتر دژی كورد بووە و لەسەر كوردیش فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە، ئەی بۆچی خەریكە هەمان سیناریۆ دووبارە دەبێتەوە و هەریەكە لای خۆیەوە دەبێتە دەمڕاستی میللەت و قسە بەناوی میللەتەوە دەكات؟! بۆچی دیسان كۆدەنگییەك دروست ناكرێت؟! پێشتر هەموو كۆك بوون لەسەر ئەوەی كە "پێویستە عەلی كیمیایی لە هەڵەبجە لە سێدارە بدرێت و تۆڵەی قوربانیانی هەڵەبجەی لێبكرێتەوە"، هەریەكە لای خۆیەوە دەیویست فشارێك دروست بكات، سایت و رۆژنامەكان پڕبوون لە رەخنە دژی حكومەت و دەسەڵاتداران، گوایە ئەوان هەوڵی ئەوە نادان عەلی كیمیایی لە هەڵەبجە لە سێدارە بدرێت، تا ئەم كارە رێككەوت و هاتە سەر واری جێبەجێكردن، ئێستا هەموو پاشگەزبوونەتەوە و بانگەشەی ئەوە دەكەن كە "نایانەوێ خاكی هەڵبجە بە كوشتن و تۆڵەسەندنەوە پیس بكەن" ئەمە لە چی و ئەوەی پێشتر لەچی؟! من پێم وایە كە ئەگەر راپرسییەك بۆ ئەم مەبەستە لەناو جەماوەری هەڵەبجە بكرێت زۆر باشترە، قەیدی چییە با بڕیارێكیش بەدەستی ئەم میلەتە هەژارەوە بێت كە خۆی قوربانییەكەیە، ئەگەر خۆشتان یەكلا ناكەنەوە، گلەیی لە دەسەڵات مەكەن كە خۆی بڕیارەكان دەربكات و گوێ بە هیچ رێكخراو و كۆمەڵە و گروپ و قەڵەمی هیچ نووسەرێك نەدات.